# ئێواره

ئاسۆ گۆران _ سوید

بەئارامی دەڕوانینە
چاوی گوڵاڵە سورەکانی باخچە.
ئێوارە باشێك دەنێرین و
بێدەنگی داگیرمان دەکات.
ئارامتر لە ئێستا
ئێوارە جێدەهێڵین!
لەتەنیایی خۆمدا
باسی جێهێشتنی
ئێوارەیەك وئێوارەیەك وئێوارەیەکی تر دەکەم!
تا ئەبەد تەنیایی جێدەهێڵم
دەگەینەوە بەیەك!
دەست دەکەینەوە بەعەشق
چەند خۆشە عەشق
دوای تەنیاییەکی کوشندە.
لە چ نەهامەتیەکدا دەژیاین
وونم و بمدۆزەرەوە
وونم و
دۆزینەوەم لەکەناروو باخچەو مەیخانەدایە
وونم و
دۆزینەوەم
لە نێوان تیشکەکانی پەلکەزێرینەدایە
وونم و لە وونیمدا
ئەم ئێوارەیە
تەنهایی جێدەهێڵم
دێمەوەو سەرەتاتکە لەگەڵ عەشقدا دەکەم.
دێمەوەو موحیبەت داگیری کردووم.
دێمەوەو تا بینەقاقام لە عەشق دەگرم.
دێمەوەو هەر بۆعەشق دەژیم……

Asobalabarz116@hotmail.com

www.kurdistannet.org کوردستان نێت